# ناوئاخن

| سەردێڕی مەبەستەکان | لاپەڕەی |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٦ |
| دەست پێکردن و خۆناساندن | ١٥ |
| دەورانی نوێی خەبات | ٢٠ |
| هەنگاوێک بۆ دواوە | ٢٦ |
| زەبرێکی کوت و پڕ | ٣٠ |
| کوردستان بەجێ دێڵم | ٣٧ |
| سەردانێکی سولەیمانی | ٤٥ |
| نێوان ناخۆشی دوای باس | ٥٠ |
| شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ | ٥٤ |
| سەرەتای شۆڕش | ٥٨ |
| دەست پێکردنەوەی کاری سیاسی | ٦٣ |
| هێندێک ناتەبایی | ٧٠ |
| کۆمیتەی ساخکەرەوە | ٧٥ |
| گۆڕان و ململانە | ٧٨ |
| سەرەتای ناکۆکی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق | ٨١ |
| بەربەرەکانی ئاشکرای ناوخۆ | ٨٧ |
| هەنگاوێکی سەرنەکەوتوو | ٩٦ |
| باشتر ناسینی ئەحمەد تۆفیق | ١٠٢ |
| گیرانی من و هەڤاڵان . | ١٠٨ |
| بەرەو کوردستانی باشور | ١١٨ |
| دەست کێشانەوە لەشەڕی براکوژی | ١٢٠ |

# ناوئاخن

سەر دێڕ | لاپەڕە


| سەر دێڕ | لاپەڕە |
|---|---|
| هەڵسەنگاندنێک | ١٢٥ |
| ڕاوێژی سێ قۆڵی | ١٢٩ |
| دوای کۆنگرەی دوهەم | ١٣٥ |
| ژیان و تێکۆشانی نوێ | ١٤٤ |
| بەرەو باڵەکایەتی لەگەڵ کاک سدیق | ١٥١ |
| پێک هێنانی بنەمای کۆمیتەی ئینقلابی | ١٥٨ |
| نامەی کاک سولەیمانی موعینی | ١٦٢ |
| نامەی کاک سەننناری مامدی و چونی کاک سالار | ١٦٦ |
| دیتنی دوکتورقاسملوو دوکتور ڕادمەنیش | ١٦٩ |
| دەورێکی نوێ دیکە لەژیانم دا | ١٨١ |
| رژیمی شا بەرەو رووخان | ١٨٨ |
| داناني دەفتەری حیزب لەنەغەدە | ١٩٢ |
| مانەوە لەمەهاباد | ٢٠١ |
| گیرسانەوەو دەست بەکار کردن | ٢٠٦ |
| بەرەو کۆنگرەی چوار | ٢١٠ |
| زەبرێکی کوت و پڕ | ٢١٤ |
| جەوڵەیەکی لەبیر نەچوو | ٢٢٠ |
| بەرەو کۆنگرەی پێنج | ٢٢٣ |
| بەرەو ناوچەی پێ نەسپێردراو | ٢٣١ |

# ناو ئاخن

| سەر دێڕ | لاپەڕە |
|---|---|


| | |
|---|---|
| بنکەی کۆمیتەی شارستان لەکاری | ٢٣٨ |
| کارشکێنی | ٢٤٣ |
| شەڕی نێوان کۆمەڵەو هێزی موعینی | ٢٥١ |
| کزبوونی هێزی شەهید موعینی | ٢٥٤ |
| هێرش بۆگرتنەوەی ڕێگای سەردەشت، پیرانشار | ٢٥٩ |
| نەخشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٢٦٦ |
| کۆنفرانسی پێش کۆنگرە | ٢٧٢ |
| بەرەوپلینۆم | ٢٧٣ |
| بەرەو کۆنگرەی شەشەم | ٢٧٨ |
| بەرپرسایەتی نوێ | ٢٨٤ |
| کارو تێکۆشان لەقەلادزێ | ٢٨٦ |
| کۆمیسیۆنی تەشکیلات | ٢٩٢ |
| شەڕی حیزب و کۆمەڵە لەهەورامان | ٢٩٤ |
| تەماگرتن بۆ دەرەوەو پەنابەری لەسوئید | ٢٩٨ |
| بەڵگەنامە | ٢٩٩ |

هۆیەکەشی روونە کەبۆچی تەنیا ئەسپێک یان ئێسترێک بووە. دەبوایە ولاغ بەکرێ بگرین و پولیشمان کەم بوو، ناچار بە ولاغێک دەسازاین و ملی رێگامان دەگرت.
دەوروبەری نیوەرۆ بۆلای زینوێ شێخی وەرێ کەوتین، بۆشەوێ لەنیزیک پلینگان خستمان وبەیانی بەرەو گەلالێ رۆیشتین و لەوێشرا دیسان ئەسپێک مان گرت و چوینە زینوێ شێخی. لەماوەی ئەو چەند رۆژەدا، واتەلەسەری ڕەش و کۆیەڕا تاگەیشتینە زینوێ شێخی هەورو هەلاو باران و لەنگێزە بوو. ئەوەی لەو چەند ڕۆژە دیم خۆشترین رۆژەکانی ژیانم بوون هەرگیزلەبیرم ناچێ کەدوای سالەهاکوێرەوەری و گوشاری ئێران و عێراق، بۆهەوەلین جار تامی ئازادیم دەچێشت کەژاندارمی ئێرانی و پۆلیسی عێراقیم نەدەدیت. لەسەر ئەو دەنگە ناخۆشەی هەمە گۆرانیم دەگوت و لەو پەڕی دلخۆشی دابووم. بەلێ بە دلێکی خۆش گەیشتینەگوندی زینوێ شێخی. زینوێ نیزیک ۳۰ مال و دە دوازدە دووکانێکی لێ بوو، رۆژانە بە میلیون سەوداو ئالوو وێرو ئالووگۆری کەل وپەلی ئێران وئێراقی لێ دەکرا. زینوێ پیاوی چاک و دەستگرو مەردو رەندو، دلسۆزی شۆرش و کوردایەتی زۆر تێدا بوو، بەلام پاش دووسێ سال کەمستەفای کوڕی شێخ عوبەیدیللا هاتەوە زینوێ، وردە وردە زینوێ شێخی بوو بەمەکۆکەی پیاوکوژو جەردەو پیاوخراپ و جاسووسی ئێران وئێراق . هۆیەکەشی ئەوەبوو، مستەفا سەری بە زۆر جێگایانەوە بەند بوو.
بەهەرحال کاتێک من چوومە زینوێ، نامەیەکم پێ بوو بۆکاک خدررەسول. ناوبراو پیاوێکی خوێندەواروتێگەیشتووبوو، مالەکەی بۆ پیاوی سیاسی و پێشمەرگە ببووە بنکە. بەراستی لەهەموو بارێکەوە تا بلێی پیاوێکی مەردو ڕەند بوو.
من ومندالەکانم دووسێ رۆژان لەمالی ئەوان بووین تاخانوێکی بێ حەوش وحەساری لەنێو دێ بۆ دۆزینەوە. ژیانێکی هەژارانەو ناخۆشمان هەبوو. چارەش نەبوو دەبوایە لەبەر پەیوەندی گرتن لەگەل هاورێیانی کوردستانی رۆژ هەلات بە هەرجۆرێک بێ رای بوێرم. ئەوشوێنە وا هەلکەوتبوو کە جگە لەقاچاغچی ئاشنایەک نەدەهات تابۆلای خزمان ڕاسپێرم شتێکم بۆ بنێرن و خۆم لەوهەژاریە بێنمەدەر. ئەشم دەویست

لەو ڕێگاخوارو خێچ و هەڵانەیان رزگار کەن، بەڵام گوێ یان نەداونەتێ و دژی شۆڕشی کوردستانی ئێران درێژەیان بەکردەوەی خۆیان داوە.

ناوبراو دەنووسێ: دەربارەی هێندێک کردەوەی پارتی لەناو خاکی کوردستانی ئێران، حیزبی شیوعی عێراق بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کردەوەکانیاندا نیەو بەردەوامیش رەخنەی لێگرتون و داوای لێکردون لەو تێکهەکێشان تێکهاڵانەی ئەرتەش و پاسدار رزگار بن و چەکداروکادرە لێهاتووەکانیان بۆ دیوی کوردستانی باشور بگێرنەوە. *

دیسان کاک فاتح لەلاپەڕەکانی ١٥٦ - ١٥٧ دا دەنووسێ:

م.س هاورێ کەریمی کەریم ئەحمەد بۆسەرکردایەتی یەکێتی ناردکەداوایان لێ بکابەپشووی درێژو دووربینی تەواو ڕەفتارلەگەڵ کردەوەکانی پارتی بکرێت. حیزبی شیوعی عێراقیش بەردەوام لەتەقەللادایە بەومەبەستەو نیازەی کەپارتی لەم لێراو زەلکاوەی لەگەل کۆماری ئیسلامی تێیکەوتووە دووری بخاتەوە *

کاک فاتح دەنووسێ:

لەکۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی دێموکراتی (جود )ڕێکەوتی ڕۆژی ١٩٨٢/١١/٢٥ لەگوندەکانی گرتک و روست . نوێنەرەکانی حشع، حسک، پاسۆک، رەخنەو نارەزایی خۆیان ئاڕاستەی پارتی کرد، بەهۆی بەردەوام بوونی لەهاوکاری و پشتگرتنی ئەرتەش و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەو هێرش وپەلاماردانەیان بەم دواییە هانیبوویانە سەرناوچەکانی، خانە« پیرانشار » میراوە - ئالوەتان - دۆڵەتوو - سەردەشت - بێوران و قەلەڕەشێ *

هەر لەبەرگی سێهەم لەشوێنێکی تردا دەنووسێ:

سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی یەکجار پەرۆشی نارەزایی خۆیان لەسەر شەڕەکەی گوندی کۆنەلاجان نیشان دابوو، بەڕاشکاوی گوتیان، تاوانە چەکدارەکانی "پارتی دێموکراتی کوردستان" بەتەک ئەرتەش و پاسدارانی ئێرانی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بکەن. پێویستە گشت هێزەکانی پێشکەوتووی کوردستانی بانگ بکرێن و ڕۆڵی خۆیان ببینن و دەنگی راستەقینەو بێزاری، دژ بەم

کردەوانە بەرز بکەنەوەو هەڵوێستیان هەبێت و ... هتد. *

خوێنەری هێژا! کاتێک مێژووی کاک فاتح ڕەسووڵ دەخوێنینەوە، ڕووداوەکانی کوردستان بەگشتی و کوردستانی باشور و ڕۆژهەلات بەتایبەتی مرۆڤ لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێ یەک سەر ڕای دەکێشێ و دەیباتەوە کوردستانە خوێناویەکەمان و کردەوەکانمان بە چاک و خراپ وەبیر دێنێتەوە.

بەو هیوایە ئێمەش بۆخۆمان هێندێک لە وەزع و حالی خۆمان بیر بکەینەوەو وەک دەروێش وەدوای هەر کردەوێک و بۆچوون و ڕایەک نەکەوین کە لەسەرروو بۆمان دیاری دەکرێ. ئێمەش با تیتۆڵێک لە میللەتی ولاتانی پێشکەوتوو دادڕین و ناوڕێک لە نیشتمانی خۆشەویستمان و شێواوی و شپرزەیی و چارە ڕەشی نەتەوە ژێردەستەکەو کوردستانە داگیرکراوەکەمان بدەینەوەو بزانین بۆ وای بەسەر هاتووە، دڵسۆزانە یاریدەیان بدەین و هەڵەکانیان دەست نیشان کەین بۆ ئەوەی شتە ناشیرنەکان دووپات نەکرێنەوە. ئێمەش لەولاتی بێگانە لەدەرەوە لانی کەم یەکێتی خۆمان بپارێزین.

کاک فاتح لە بەرگی ٣، ٢ ، ١ زۆرشتی تری بەوردی لە مێژووی خەباتی گەلی کوردا نووسیوە ، بەلام لە کتێبێکی بەسەر هاتی ژیاندا هەر ئەوەندە دەنووسرێ.

---

لەمێژووی خەباتی گەلی کورد. نووسینی کاک فاتح ڕەسووڵ سالی ١٩٩٤ چاپکراو لە سوێد.

| | | |
|---|---|---|
| * بەرگی سێهەم لەلاپەرەکانی | ٢١ تا ٣١ | سەرچاوەی سەرو |
| * بەرگی سێهەم لاپەری | ١٠١ | هەمان سەرچاوە |
| * بەرگی سێهەم لاپەرەی | ١٥٢ | هەمان سەرچاوە |
| * بەرگی سێهەم لاپەرەکانی | ١٥٦ - ١٥٧ | هەمان سەرچاوە . |
| * بەرگی سێهەم لاپەری | ١٥٧ | هەمان سەرچاوە |
| * بەرگی سێهەم لاپەرەی | ١٧٤ | هەمان سەرچاوە |
| * بەرگی سێهەم لاپەری | ٢٠٠ | هەمان سەرچاوە |
| * بەرگی سێهەم لاپەرەکانی | ٣٥٥ و ٣٥٦ | هەمان سەرچاوە |

# نەخشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .

هەوڵ و تەقەللای حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆهاوکاری پترو هەروەها زیاتر نیزیک بونەوە لەحیزبی شیوعی عیراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کارێکی زۆری کرد بۆڕاکێشانی سەرنجی بەرێوەبەرانیان کەبەڵکوو بتوانن پارتی لەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیزیک بکەنەوە.

دەفتەری سیاسی حیزب بۆ ئەهوەن کردنەوەی دژایەتی کردنی پارتی لەگەل شۆرشی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵێکی زۆری بێ وێنەی دا. لەلایەکی دیکەشەوە، حیزبی شیوعی عێراق و یەکێتی نیشتمانی و پیاوی گەورە و شەخسیەتی سیاسی لەو بارەوە هەوڵ و تەقللاو واسیتەگەریان کرد. بەلام هەموو زەحمەتەکان بێ سوودو بەخۆرایی چوون. بەداخەوە بەرێوەبەرایەتی پارتی لەتەماو بریاری خۆیان نەهاتنە خوارو دژی شۆرشی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران درێژەیان بەکردەوەو هاوکاری خۆیان داو رۆژلەگەڵ ڕۆژ لەکۆماری ئیسلامی ئێران نیزیکتربوونەوەو پلانەکانیان بۆگرتنەوەی ناوچەکان پتەوتر بەرینتر بۆوە.

حیزبی شیوعی عێراق وەک دۆستێکی کۆنی حیزب ماوە، هەرچەند لەهێرشی گرتنەوەی رێگای پیرانشارو سەردەشت یاریدەیان نەکردین. چونکە لەروانگەی هێزی چەپەوە بەتایبەتی حیزبی توودەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران بادەستیشی بەخوێنی گەلانی ئێران سوور بێ! بەدژی ئیمپریالیزم دەناسراو ئێستاش . . .

یەکێتی نیشتمانی بریاری دا بۆیاریدەدانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، دژی هێرش و پەلاماری کۆماری ئیسلامی لەناوچەی پیرانشارو سەردەشت هێزەکانی خۆی بێنێتە مەیدان و بەرەنگاری پەلاماری دوژمن رابوەستێ .

ئەوەبووکەیەکێتی نیشتمانی وەک هێزێکی پشتیوان هێزەکانی خۆی دەنگ دا. بۆهەوەڵین جارلەمێژووی نەتەوەی کورد دا هێزێکی کوردستانی بەکردەوە هاتەمەیدان و

بەتێکۆشانی خۆی لەدژی دوژمنی داگیرکەری ئێران ڕاوەستا. دەکرێ بڵێم یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئێوی « هێزی پشتیوانی »لەمێژووی نەتەوەی کورد دا بۆخۆی سەبت کرد. دیارە بەشداری لەشەڕی سنەو شوێنی تریش بەرچاوە.

ئێمە ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت، بەهەمووکادرەکانەوە لەکاتی هێرشی رژیم بۆ گرتنەوەی رێگای پیرانشاروسەردەشت، دەبوایە بۆ دامەزرانی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی لەپێنج شەش شوێنی ستراتیژیک لەهەموو بارێکی ژیانەوە دابین یان بکەین و نان خواردەمەنی پێخەف وجێگاو رێگایان له نێو ئەو تەقەو هەڵایەدا بۆدابین بکەین. لەولاشەوە سکرتێری حیزب لەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسی لەپشتی جەبهە ئامادە ببوون. دوای شەڕو لێکدانێکی گەرمی چەند ڕۆژەو دانی شەهیدێکی زۆر. دوژمنی داخ لەدڵ توانی بەهۆی کاتیۆشاو تۆپخانەی قورس و چەکی جۆراوجۆر بەسەرماندا زاڵ بێ. سەرئەنجام لەو تەقەو لێکدانەدا ئێمە شکاین و رژێمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی خۆی گەیشت و رێگای سەردەشت و پیرانشاری گرتەوە. لەکاتی گرتنەوەی رێگای پیرانشارو سەردەشت کۆمیتەی شارستانی سەردەشت، گوندی گرژاڵی بەجێ هێشت و لەبنەوخەڵەف دامەزرا. دوژمن وردە وردە دەهاتە پێش و دەستی بەسەر ناوچەی سەردەشت دا دەگرتەوە. تەنیا لەسەرسنوورەکان هێندێک شوێنمان بەدەستەوە مابوون کەبتوانین خۆمانی لێ بگرینەوەو بنکەی کاتی هێزو کۆمیتەی شارستانی لێ دامەزرێنین. ئێمە چەند شوێنێکی سەختمان بۆ داهاتوو وەبەرچاوگرتبوون تاکەلکیان لێ وەربگرین، وەکو؛ سەرووی مردواوێ، دۆڵەتوو، دەوروبەری جاسووسان، سەروی بیزارچن و. . .

تائێمە کەوتینە خۆ، بارزانیەکان بەسەرۆکایەتی حەسۆمیرخان بەشەو هاتبوون ئەو شوێنانەیان بۆدوژمن گرتبوو. ناوبراو لەسەروی دۆڵەتوو و، سەرووی مردواوێ، سەری جاسوسان، بنکەی بۆ پاسدارانی رژێمی کۆماری ئیسلامی دامەزراند. سەرە رای ئەوکارو کردەوانەش وەک شارەزای ناوچەلەکاتی تۆپباران وخومپارەباراندا دیدەوانیان بۆ تۆپچی و خومپارە چیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکردو دێهاتەکانی کوردیان

وێران دەکرد. بەڕاستی ئێمە شوێنێکی وامان نەمابوو خۆمانی تێدا حەشار بدەین.
دەکرێ بڵێم لەو ناوچە پان و بەرینەی مەڵبەندی سەردەشت، تەنیا ئەوچەند شوێنە سەختانەی باسم کردن مابوون ئەوانیش گیران. دیارە دەبوایە هێزی موعینی بیان پارێزێ، بەڵام لەبەر ئەوەی فشارێکی زۆری ڕژیم کەوتبوە سەر هێزی موعینی، پێش ئەوەی بتوانێ کارێک بکرێ، شوێنەکان گیران وبنکەیان لێ دانرا.
ماڵێکی زۆری ئاوارەی کادرو پێشمەرگەمان بەسەردا ماوەو دەبوایە چاریان بکرێ. ناچار لەترسی بۆمباران شوێنێکمان لە دۆڵی"دوبێ ( پشتی گوندی سونێ ) بۆ دۆزینەوەو دامان مەزراندن. هەروەهاگیروگرفتێکی زۆری ترکەلێرەدا پێویست بەباس کردنیان ناکات. سەرەڕای گیروگرفتێکی زۆر دەکرێ بڵێم جێگای حاوانەوەی ماڵ ومنداڵ کەلەناوچەی سەدەشت دژوار ببوو. هاتبووین لە پشت سونێ لەخڕێکدا بەنێوی" دوبێ " بەپوش و پەڵاش هەرکەس کەپرێکی بۆ ماڵ و منداڵی خۆی کردبوو تێیدا بحاوێتەوە. لەبەر ئەوەی جاروبار ماڵێک دەچوە قەڵادزێ وکێلۆ تەماتەیەک و قالبە سەهۆڵێکی دێنا، کەسانی وەک مەلاقاسم و مەلاسمایل، ومحمدی حەسەنپور ناڕەحەت دەبوون و دەچوونە لای دوکتور قاسملووەدەیانکردە هەزارو هێند. بەدوکتوریان گوتبوو پێشمەرگەو کادری سەردەشت هەموو ڕۆژێ لەقەڵازێن و هاتوچۆی ئیدارەکانی دەوڵەتی دەکەن و ئابرومان چووە!! کەچی لەو ڕێکەوتەدا هیچ کەس نەی دەتوانی بچێتە قەڵادزێ. چ کادر چ پێشمەرگە بەبێ ئیزنی کۆمیتە شارستان و هێز، مافی چونەقەڵادزێیان نەبوو. ئەگەرکادر بەبێ ئیزن چوبایە، هەڵدەپەسێرا، یان پێشمەرگە چوبایەمەلاحەسەن چەکی دەکرد. بەڵام چ ئێمە چ کۆمیتە شارستانەکانی تر، بۆبردنی نەخۆش و بریندارو هێنانی کەل و پەلی دیاری کراو هاتووچۆمان هەبوو. کەچی بەڵێکدانەوەی هەوالدەرەکانی حیزب، یاریدەدانی خەڵکی ئاوارەو هەڵاتووی دەستی ڕژیم نەدەبوایە یاریدەیان بدرێ و هاتووچۆی عێراق بکەن. یان ئەگەر کوردێکی لێقەوماوی ئاوارەی گیرۆدەی کوردایەتی بەقەرا قاغچیەکی ماف هەبێ و بچێتە قەڵادزێ وکیلۆ گۆشتێک بۆ ماڵ و منداڵی بێنێ حیزب ئابروی دەچێ!؟

برای بەرێز کاک سەعید کوێستانی!      پاش سلاوێکی گەرم.
بەدوای ئەو نامەیەی کەدوورۆژ لەمەوبەر بۆم ناردی، دەمەوێ پێتان ڕابگەیەنم کە بەهیچ جورێک ئێمەموافق نین ئێوە ڕاستەوخۆ پێوەندیتان لەگەڵ ئەو دیوە هەبێ. خەبەر هاتووە کەبرادەران تەنانەت ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئۆرگانەکانی رەسمی پێوەندی دەگرن. زۆر جێگای داخە کەبەم جۆرە ڕەفتار دەکەن.
وادیارە بەکەیفی خۆشتان نەخۆش بۆ و دیوە دەنێرن بێ ئەوەی پرسیار بەئێمە بکەن. پێمان خۆشە بزانین ئەگەر لەسەر ئەو هەموو گیروگرفتانە ئێوە بۆخۆتان بریار دەدەن دەفتەری سیاسی لێرە چکارەیە؟ نەزەری ئێمە لەسەر ماڵەکانی حیزبی کەلەلای خۆتانن، هەر ئەوەیە کە لەنامەی پێشوودا بۆتان نوسراوە . براتان
ع قاسملوو ٢٧- ٤-١٣٦٢هە ١٩٨٣ز
دوای ئەو دونامانە ناچار بەرەو دواوە گەڕاینەوەو لە سونێ نیشتە جێ بووین. بەڵام چ نیشتە جێ بوونێک؟ تابلێی ناخۆش و نائەمن و لەژێرتۆپباران و خومپارەبارانی رژێمی خوێن ڕێژی کۆماری ئیسلامی دا دەبوایە هەڵکەین. لەباری سیاسی و جوغرافیایی و سنورەوە سونێ و خرێ دووبی هیچ فەرقێکیان نەبوو. تەنیا فەرقێکی هەیبوو نەبوونی ئەمنیەت بوو بۆئێمە. دەناهەردوک لاهەر بەعێراق و خاکی عێراق دەژمێران و جیاوازیەکیان نەبوو.
روبەروی سونێ لەسەرکێوی جاسوسان، حەسۆمیرخان کەپێشقەروڵ بوو فەرماندەیی پاسدارو تۆپچیەکانی دەکرد، مەتەرێزیان لێگرتبووین و بەسەرماندا زاڵ بوون.
دوکتور قاسملووش ئاگاداری ئێمە نەبوو کەلە چ حاڵێکداین و دەبێ چ بکەین.
دوای دووسێ ڕۆژ لەجاسووسان ڕا خۆمپارە بارانێکی خەست کراین و پێشمەرگەیەک شەهید بوو، یەکیش برندار بوو( عەولای مام حەسەن )
بۆ سبەینێ ماڵەکان وەک کەوی برا برا بلاو بوون و هەرماڵەی بۆلایەک ڕۆیشتن. ماڵی ئێمەو کادرەکانیش لەبەر بێ جێگاو ڕێگایی و ناچاری، لەژێر ڕەحمەتی گوللەبارانی پاسدارو برادەرانی بارزانیدا، خۆمان بەقەزاو قەدەر ئەسپارد.

# کۆنفرانسی پێش کۆنگره.

کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی کومیتەی شارستانی سەردەشت و پێشمەرگەکانی هێزی موعینی کرابوو. بەپێی هەڵبژاردن نوێنەری خۆیان بۆکۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان ناردبوو کەبۆکۆنگره نوێنەرهەلبژێرن. کۆمیتەی شارستان بڕیاری دابوو، لەدوروبەری گوندەکانی داوداوێ و مەزراو مامکاوێ کۆنفرانس بگیرێ ونوێنەرهەڵبژێردرێن.
ڕۆژێک مەلاحەسەن شیوەسەڵی هات و گوتی:
- ڕژیم زانیویه ئێمەکۆنفرانس لەکوێ دەگرین. بەپێی هەواڵ نەخشەیان بۆکێشاوین کارێکی وابکەن یەکمان دەرنەچێ. بەپێویستی دەزانم، جێگا بگۆڕین و لەبیری جێگایەکی تر دابین بۆگرتنی ئەو کۆنفرانسه.
دوباره وەخۆ کەوتین و لەنیزیک خری دوبێ، شوێنمان دیاری کردو بەدارو نایلۆن ساڵۆنی کۆنفرانس دروست کراو لەڕۆژی دیاریکراودا نوێنەرانی هەڵبژاردەی هێزو ڕێکخراوەکان خۆیان گەیاندە ئەوشوێنەی بۆیان دیاری کرابوو. کاک مەلاعەبدوڵلای حەسەن زاده، ئەندامی دەفتەری سیاسی وەک نوێنەری کۆمیسیۆنی تەشکیلات بۆسەر پەرستی لەکۆنفرانس بەشداربوو. دوای دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەشەهیدان، ڕاپۆرت خوێندرایەوەو لەلایەن نوێنەرانی کۆنفرانس پەسندکرا، لەجێگای خۆیدا ڕەخنەوپێشنیارکراو وەڵام درایەوە. هەروەهانوێنەر بۆکۆنگرەی شەشەمی حیزبی هەڵبژێردراو کۆتایی مان بەکۆبوونەوەکه هێنا و بلاوەمان کرد.
شەوێ هەمومان «خرێ دوبێ »مان بەجێ هێشت وهاتینەوه گوندی سونێ.
بەیانی کەهەستام پێشمەرگەکان بۆیان گێڕامەوەوکوتیان:
محەمەدی حاجی ڕەسول و کویخا سمایل لەنێو پێشمەرگەکاندا بلاویان کردۆتەوه، کەفلان کەس دوومیلیۆن تمەنی حیزبی حەیف و مەیل کردوەو دیار نیه. دەمزانی ئەو

شایعاتە نەخشەی پێش کۆنفرانسەو کۆماری ئیسلامی بەهۆی کەسانی وەک محەمەدی حاجی ڕەسوڵ و کوێخاسمایل بلاوی دەکاتەوە. مەسەلەی حەیف و مەیلی دراو وەک تۆپ دەنگی داوە. تەنانەت پۆلای نانەزادەش بۆخۆ شیرن کردن لەلای کۆمەڵە، بۆنەوەی بی نێرنە نورووپاو دەربازبێ، کەشوکر دەرباز بوو! هەروهابۆ داپۆشینی گۆشەیەک لەبەسەرهاتی خۆی کەلەنێوحیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا تووشی هات، ئەومەسەلەی لەشریتێکدا بۆکۆمەڵە زەبت کردبوو. کۆمەڵەش بەبەر بلاوی لەکوردستانی عێراق و ئەولاولابلاوی کردەوە.

بەهەر حاڵ کۆنفرانس بلاوەی کردو نوێنەر بۆ کۆنگرە هەڵبژێردرا. لەو کاتدا یەکێک لەکارە گرینگەکانی کەلەهەموو شتێکی پێوە قەلس بووم، گرتنی کۆنفرانس بوو. کاتێک نوێنەر هەڵبژێردرا بارێکی گەورەم لەسەر سوک بوو و هیچ نارەحەتیەکم نەما. گوێشم بەقسەو قسەلۆک و درۆ و بوختان نەدەبزوت. بەقەولی پێشینیان:

« ئەوەی پاکە، لەمحاسەبەبێ باکە »

بەڕێز کاک سەعید کوێستانی !

بە سڵاوێکی گەرم بیانەوە - لێکۆڵینەوەکەتان لە سەر دەرچی سەرەوشت و پێشنیار کردنەوەی شار لە ڕەخنە و ڕەچاوسەی دا هێنیدراوەتەوە و باسی لە سەر کرا .

بەگشتی لێکۆڵینەوەکەتان تا ڕادەیەکی و بەتەواوی ئەنزەرە گا ناتالە پراکتیکی و لەیەکەوە وەرگیرسراوەستان دەکەین . دیارە ئێمە هەرچی لە دەستمان بێت بۆ ئەوەیکە تێکی ئەوگا رەچێ - چیت نەکەین و لە دەڤی خۆی دا ئێوەش لە جێ رە یارەدەنێی بەڵام پێویستە بەهەندتان بگرن کە : بە داخەوە ئێستا ئەو ئێمکاناتەمان نیە - نیە تا بیبیخە لەبەر چاوی چۆک و چۆڵ و تەنیەمەنیەوە . ئێمە لە ئێش دا دە بێ لەم بارەوە خۆتان تەحەمول بکەن .... کە هەرێکین برانی خۆتان دە بێ !!

پێکەوە لەمە - هەروەک لە گۆمەندەوەی گۆمیتەی ناوەندی دا باس کرا ، خەستان تۆ بەحەڵیات فەسڵێکی نزە باشی نیە . زستان هەروەک تۆ هێزی دەوڵەت گرو گرفت پێک دێنێ ، جوڵانەوەی پێشمەرگەش تووشی نەهامەت دەکا . لە لایەکی دیکەش نابێ وەختی خەڵکی شار و شیمان لە بیرچێ کە شەکەتیش بەڵکی قورس بێ ، لە زستان دا زۆر تووشی نامەهەتی دەبن .

لە بەهارێش دا کە چەنگ لە شێن دە بێ و خۆشتار دەنەرەوەی پێشمەرگە و خەڵکی باشتر تێ ی دا موکینی دەبێ و ، بێگەلەوە لە بەر ڕەهەند و باران خنکاندنی هێزی هەوای دوژمن نەدەهاتمان نیە ، ئەوکارە دەکرێ ! .

هەر سەرکەوتووبن .

ماڵی گرک : سەعید . ل

٢٠ ، ١١ ، ١٩

بەڕێز کاک سەعید !

بە سڵاوێکی گەرم . لەسەر هەفتەنامەکەمان ڕوبارێکی تەشکیلاتی لە ڕۆژەکانی داهاتوودا بێتە دوا نامەی پرسیمان تۆ دەنوسی. بەڵام لێرە دە مەسئولیەت برایانە و لە نێوان خۆمان دا لە سەر چەند مەسەلەیەک دەدوێ دڵنیا بکەین :

١ - بە پێی خەبەر کە هێنراوە پاشتر نەبێ ، ژمارەیەک لە کادرەکانی پێشوو بە بێ یاسای پێشوو هات و چوی نەورۆزیان دە کرد بە بەهانەی خۆپارێزی ! تۆ نمونە کاک عبدالله احمدی کە چووە لە بەستەی حقیقی سوری لە ماڵی خزمان داوە چۆن چوە ؟ ئەگەر بە یاسای پێشوو بوە . چۆنە ؟ قەرارێکی شاراوەمان هەبوە ؟ ئەگەر بێ یاسای پێشوو چوە . چۆن هەروا لێی تێپەڕ دە کەن ؟

٢ - لەسەر هەفتەنامەکەمان لە ڕێکخستنی بەڕێگرای لەو دوایی دا نیشتمانیەکان هات و چوو دەکەن . لە بەرچاو خۆیان بەرچاو دانراوەکان زۆرتر ئێمە ناتوانین چاو لە سەرچاو داخەین . تۆ نمونە کاک کەریم عەزیز احمدی ! کە بەداخەوە پێشنیاری مردووەکەی کۆمیتەی ناوەندی لێ دەرکرا !! . ئێمە لەو تاریخەوە کادرەکانی حزب ناناسین و بە هیچ جۆر نابێ ئەگەر ڕۆژێک کەڕاوە کاری پێ بسپێرن . دەبێ ئێمە لای ئێمە هەر نازانین حزبایەتی چۆن حاڵی بوە ؟!!

٣ - شتێکی زۆرتر دەرخستنی خصوصی و دۆستانەی دیکە .. کاک مەلا محمد خزری هاتوو لە سەر پێشت . لەگەڵ تۆ بارمان .. پێم وایە کە سەرەدەستە کادری زۆرترە و پێویستی بە پەنجا کادری دیکە .... بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوە بەهانە بوو .. پێم خۆش نیە دەهەڵدەبەزن لەو تۆن دارانەی کۆ ببنەوە ... هەر مەلا سمایل ..... بەس .. تۆ خۆشت هەفتەنامەکە ئەوە لە بەرچاو بگری باشترە . دیارە خۆت نەڵێم لە سەر خۆت شلێکم هەیە ... ئەگەرچی بڕیارە پێشنیار کردن تۆ تەنداعەتی کۆمیتەی ناوەندە کە بە خۆشییەوە هاوڵ بڕیاردرای لەگۆڕێ دانەبوو . لە پاشانیش مەسئولیەتی ناوچەیی زۆرترگرنگە ، دەکری سەرەدەستە و پشتیوانی دا بێ لەلایەن ئێمەوە و دەستان لە پشتی بە حادکاری دەنێن خۆشانی تۆ دەکەین .. بەڵام تۆ خۆت دەزانی هەر وەک باسی هەیە و باشترە لە خۆڕا بە هانەبە کەسی نەدەی .. هەری اعصابێکی تۆ خۆت سازنە کری ..

هەر خۆش بی .

سەعید نەبەل

٢٢/١/٩٤

٩٢/٢/٢٣

برای بەڕێز کاک سەعید !

بە سڵاوێکی گەرم - هەروەک ئاگادارن ئەوە لێرە لەلای بەهەوڵال و برادەرانی هێزی پێشەوەین . بەهاتنەوەی کاک محمود

مەلا ئەحمەدی بێ شەقڵاوەیی (ابوسرباز) .. ئاوتریکە تا ئێستا باش چووبێتەوە و هەروەک ئاگادارن ئەوە کە یان

لە نێوان خۆیان و ... نەوزانی دەنگ و ... و دۆستایەتیەکی درێژخایەنیان نا ! بەڵگەش ئەوە

بیانە رانی شیوعی لەوە بە لەگەڵ یەکێتی پێداچی ..

هەروەتی ئێمە دیارە تۆ خۆت باشتر دەزانی : ئیمپراتۆریەتی دۆستایەتی لەگەڵ برادەرانی شیوعی بە چۆنێک

کە هەست بەوە بکەن : ئێمە دۆستی واین وەک ... هەمیشە لە ... ب بکەن ...

بەم بۆنەوە قەرارە کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی لەم دەوروبەرە بکەن . لای وەفدەکە ئێمە بۆ لێی ... 

پێشیان باشە ئێستا ... یەکێتی راستەوخۆ . جا تۆ بە لای تۆوە بۆ خۆت ... تۆ کۆبونەوەکردن

پێی باشە ... تکایە ئەگەر هاتن زۆر زۆر یارمەتی و ئیحتیرامیان بکەن وەک میوان و دۆستی بەڕێز ..

تۆ کاک ... نووسی کەمی فەقەتێ باشیان ... لە ... هەرچی لەوەوە ... ئیمپراتۆر

و ... کەونی ... تۆیان ... ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگی سیاسییە ...

ببوورە ... هەر حەوا بە . بە بەیانی ... - برادەرانی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی هاتنە

خزمەتمان .. تکایە ... یان ... زۆر سوپاست دەکەم .

براتان بە ... سەعید - ل

٤٤٤٤٧

براگیان ماکە سەعید :

ماکە سەرەم گەرم ئاوری نامەکەی تۆی هێنا . نامەکەی تۆ دوکتۆرێتیت نووسیبوو خوێندمەوە .
هیچ تێک لەوە دانەمار وەرنووسم لەیست زەقدە دمانەوی . تۆیە وا تۆرە بوی سەبێ دەلیل ! وەرەوکی
ها ماکە گیان ـ هەڵە دەبینی ئەوەی هیچ دەلیلیک بۆ تۆرە نووسیتانێنم . ولوبا بوشە تۆ
زەقد مادە کەی دمانەوی . ئەوانەی شێوەی کاری تۆشیان پێ خۆشی نەرتی درۆ دەدەن
دەکەن وقسەو باسی ناراست ملاوە دە کەنەوە . بەداخەوە لەو کارەدا ولوبایە هێشتە تێر
سەرکەوتن وتوانیویانە تۆ ناڕەحەت بکەن :
لە ماکێتێکدا ، دەمەوێت بە چەندی بە زمان بکەم وتەکو بە بێتوێسی دەزانی ، با بە کورتی
ڕەهێستی بۆت بنووسم :
١ ـ دەقتەری سیاسی بە تێکڕای و ماکە دوکتۆر و ئەمی بە ناسەتی ، بەکاری تۆش کاری
دەکەی و بە بەهاوی هێز و دەسەلاتمانە دەستبەرداست لێ دەکەین . لەوە باشترە بە بەهلوی دلنیا
بی بی . ئێمە و تەنیا یەتی ئەمن شکۆر بە غەریبی شەدەوای بە ڕاستگاری دەمکرت . بەلام ئێستا بە
نەمادی بە هاوکاری جەنابت ش ناری دەکەم و دەستبەرداستی لێ دەکەم . هێشتێک لە دوو زوو دوزنی
پێکارانت وە دەر ناوە و پال وەلا ناو . کاریکی زۆر باشت کردووە و هەروا ئەوەی بە جێماو
بەلام ڕایە خۆشە و دەر کراوانە هەر وا دەستلە سەر دەست دانانێن !! جا ئەتۆ کاری خۆت بکە و
گوێ مەدە بەم .
٢ ـ کۆمسیۆنی تەشکیلاتی ئێمەش . من بەش دەبینم لەکەی نەخەیری یەکەسی ئەر کە
لە کۆمسیۆنی تەشکیلات دابڕاندا .. ئەوەی خۆشم نیسبەت بە جەنابت لەسەرەوە هەر زکرد . ها
نازانم کۆمسیۆنی تەشکیلاتی بیلان گرتوی جەنابت کێیە ؟ ١١٤

١١٥٢

١٣٦٣/٦/٢٢

بۆ برای بەڕێز کاک سەعید کوێستانی

لەپاش سڵاوی شۆڕشگێرانە

لەبەر وەزعی کاروباری پەیوەندییەکانی دەرەوە لە جێگای تێکۆشانی ئێوە بڕیارمان دا کاک حەمە خانی مروەتی لە جێگای تۆ دابنێین • تکایە کارەکان تەحویلی ناوبراو بدە • ئەو برادەرە بە هەموو هاوکارەکانت بناسێنە •

بەمجۆرە لە زەحمەت و تێکۆشانی تۆ لە چەند مانگی ڕابردوودا سوپاس دەکەین و داوات لێدەکەین بۆ دیاری کردنی کاری داهاتووت خۆت بە کومیسیۆنی تەشکیلات بناسێنی •

[redacted]

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

وێنە بۆ :

- کاک حەمە خانی مروەتی بۆ تەحویل و تحول
- کومیسیۆنی تەشکیلات بۆ ئاگاداری
- کومیسیۆنی مالی بۆ ئاگاداری
- پایەکانی

